لە نێو ئەنساڕەکاندا ئێمە زۆرترین کێڵگەمان هەبوو، وزەوییەکانمان بە کڕێ دەدا، دەمانووت: (بەرهەمی) ئەم خاکە بۆ ئێمە، و(بەرهەمی) ئەو خاکە بۆ ئەوان، ولەوەیە یەکێک لە خاکەکان بەرهەمی نەبووایە، بۆیە نەهی لێکردین لەسەر ئەم کارە، سەبارەت پێدانی نرخ بە زیو: نەهی لێ نەکردین

لە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە نێو ئەنساڕەکاندا ئێمە زۆرترین کێڵگەمان هەبوو، وزەوییەکانمان بە کڕێ دەدا، دەمانووت (سەبارەت بەو زەوییەی بە کرێ دراوە): (بەرهەمی) ئەم خاکە بۆ ئێمە، و(بەرهەمی) ئەو خاکە بۆ ئەوان، ولەوەیە یەکێک لە خاکەکان (لەو زەوییەی بە کرێ دراوە) بەرهەمی هەبووایە، وئەوی تر بەرهەمی نەبووایە، بۆیە (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) نەهی لێکردین لەسەر ئەم کارە، (سەبارەت بە پێدانی نرخ بە زیو: نەهی لێ نەکردین (قەدەغەی نەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە جۆرە دروست ونادروستەکانی بە کرێدانی خاک بۆ کاری کشتوکاڵی (المزراعة) ڕوونەدەکاتەوە، رافیعی کوڕی خودەیج باسی ئەوە دەکات کە بنەماڵەکەی ئەو خاوەنی زۆرترین کێڵگە بوون لە مەدینەدا، لەسەر شێوازی جاهیلیەت کشتوکاڵیان دەکرد، خاکەکەیان بەکرێدەدا بۆ ئەوەی درەو بکرێت بەرامبەر بە بەشێک لە بەروبومی خاکەکە لە شوێنێکی دیاریکراویدا، وبەشەکەی تر بۆ جووتیارەکەیە -ئەوەی خاکەکەی بە کرێ گرتووە-، لەوەیە بەشێکی خاکەکە بەرهەمی هەبێت وبەشێکی بەرهەمی نەبێت. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیان کرد لە کردنی ئەم مامەڵەیە، چونکە زیان ومەترسی ونەزانینی تێدایە سەبارەت بە بەروبوومەکان، دەبێت زانیاری هەبێت سەبارەت بە قەرەبووکردنەوە، ودەبێت هەندێک یەکسانی هەبێت لە بەرهەمی دەستکەوتوو وفەوتاودا، ئەگەر قەرەبووکردنەوە -کرێدانەکە- بەرامبەر بەشێک بێت لەو بەرهەمەی لە خاکەکە دەردەچێت ئەمە پێی دەووترێت بەشداریکردن لە بەرهەمی کشتوکاڵی خاکدا (المزارعة)؛ ودەبێت لەسەر بنەمای دادپەروەری ویەکسانی بێت لە بەرهەمە دەستکەوتوو وفەوتاوەکاندا، ئەمیش بەوە دەبێت هەر لایەنێکیان ڕێژەیەکی دیاریکراو لە بەرهەمەکە وەربگرێت، ودەبێت ڕێژەکە زانراو بێت، ئەم جۆرە مامەڵە دروستە ئەگەر قەرەبووکردنەوە بە ئاڵتون وزیویش بێت، چونکە زانراوە، بەهۆی فەرموودەی: (أما شيء معلوم مضمون، فلا بأس به) واتە: (سەبارەت بە -مامەڵەکردن- بە شتێکی زانراوی زامنکراو، ئەوا ئاساییە -دروستە-).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6083

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee